# تیۆرەکانی ڕاڤەکردنی ئاستەنگەکانی فێربوون و جێبەجێکردنە پەروەردەییەکانیان

# النظريات المفسرة لصعوبات التعلم وتطبيقاتها التربوية

# Theories Explaining Learning Difficulties and Their Educational Applications

## خوێندنی باڵا – ماستەر: بەشی پەروەردەی تایبەت: پسپۆڕانی (ئاستەنگەکانی فێربوون)



2 بەشی


مامۆستای بابەت: پ.ی. د. آراز حكيم رضا

araz.radha@su.edu.krd

بەشی دووەم:

# چەمکی ئاستەنگەکانی فێربوون



ئامادەکردنی: پ. ی. د. آراز حکیم رضا

araz.radha@su.edu.krd

# ئامانجەکانی ئەم بەشە چین؟



تەوەری 1

# پێناسەی ئاستەنگەکانی فێربوون:

- سەرچاوەی بنەڕەتی چەمکی ئاستەنگەکانی فێربوون بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، هەروەک ئاماژەش هەیە کە میسرییە کۆنەکان بنەماکانی ئەم چەمکەیان داناوەو بەکاریان هێناوە، وەک چۆن سیگمۆن (Sigmon, 1987) مێژووی ئاستەنگەکانی فێربوون دەگێڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی میسرییە کۆنەکان تێبینی پەیوەندی نێوان توانای قسەکردن لەگەڵ بریندابوون یان بەرکەوتنی مێشکیان کردووە. هەروەها چەمکی ئافازیا (لەدەستدانی توانای قسەکردن) لە نووسینەکانی هیپۆکراتدا Hippocrates وەک حاڵەتێک دەرکەوت کە پەیوەندی بە برینداربوونی لایەکی مێشکەوە هەیە، لە هەمان ئەو قۆناغەدا کە ئەرستۆ Aristotle باسی شڵەژانی قسەکردن یان قورسی زمان (زمان گیران - Dysphasia)ی کردووە.



araz.radha@su.edu.krd

○ ئەلداماتی (2007) ڕوونیکردەوە کە ئەو هەوڵانەی گال Gall (1802) بۆ لێکۆڵینەوە لە تێکچوونەکانی زمان و قسەکردن، یەکەم کارە کە ئاماژەیەکی ڕوونی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لە ڕووی چەمک و بیرۆکەکانەوە لە بواری ئاستەنگەکانی فێربووندا دەیزانین. گال Gall وەسفێکی وردی خستەڕوو سەبارەت بەو تێبینیانەی لەسەر تایبەتمەندییەکانی نەخۆشێک کردی کە بەدەست تێکچوون لە مێشکەوە دەینالاند. ئاماژەی بەوەشکردووە، هەرچەندە تێبینی کردووە هەندێک لەو نەخۆشانە کە توانای قسەکردنیان نییە، بەڵام توانیویانە بە نووسین ئەو بیرکردنەوانە دەرببڕن کە لە میشکیاندا بووە.

○ مێرسێر و پوڵێن Mercer & Pullen (2005) ئاماژەیان بەوە کردووە کە جگە لەوەش، بەشداريي پزیشکانی دەمار هەبووە، کە لە بەشداریکردنی ساموێل ئۆرتۆن Samuell Orton (1937) دا دیارە، کە دوای دە ساڵ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر شلەژانەکان یاخود لاوازی لە وەرگرتنی زمان لە ڕاپۆرتێکدا ئەوەی دەرخست کە لایەکی مێشک پرۆسەکانی زمان کۆنترۆڵ دەکات یاخود بەسەریدا زاڵە، ئۆرتۆن پێیوایە ئەو منداڵانەی کە ئاستەنگی فێربوونی زمانەوانییان هەیە و تووشی هیچ برین یان بەرکەوتنێکی مێشک نەبوون، شکست دەهێنن لە کۆنترۆڵی هیچ کام لە نیوەگۆیەکانی مێشک.


araz.radha@su.edu.krd

○ لەو کاتەوە تا ساڵی 1960 چەمکی ئاستەنگەکانی فێربوون لەلایەن پسپۆڕانەوە چەندین پێناسەی وەرگرتووە، وەک: (تێکچوونی سوکی فەرمانی مێشک)، و(بەرکەوتن یان برینی مێشک)، و(تێکچوونی دەماری و دەروونی)، و(ئاستەنگی خوێندنەوە)، و(لاوازی ئیدراک)، هەروەک بەم بابەتە دەگوترا بێتوانایي فێربوون، یان پەککەوتەیي شاراوە.

○ هەر بۆیە چەمکی ئاستەنگەکانی فێربوون چەندین پێناسەی بەخۆیەوە بینیوە کە بەپێی پاشخان و ئاراستەی توێژەران و زانایانی ڕۆژئاوایي و جیهانی عەرەبی و ڕێکخراوەکانەوە جیاواز بوون و ناکرێ هەموویان بژمێرین، بەڵام لەم تەوەرەدا بەپێی کۆنتێکستی مێژوویي خۆیان نیشانیان دەدەین، کە دەتوانین پۆلێنیان بکەن بۆ دوو بەش:

- یەکێکیان تێیدا بەر ئەو پێناسەیانە دەکەوین و دەیانبینین کە لە هەوڵی تاکەکەسییەوە سەرچاوە دەگرن.
- لە بەشەکەی دیکەشدا ئەو پێناسانەی کە لە هەوڵی دامەزراوە و ڕێکخراو و ئۆرگانەکانەوە سەرهەڵدەدەن.


araz.radha@su.edu.krd

## یەکەم: ئەو پێناسانەی کە لە هەوڵی تاکەکەسییەوە سەرچاوەیان گرتووە:

○ پێناسەی ساموێل کیرک (Samuel Kirk, 1962):

ئەو منداڵانەی کە ئاستەنگی فێربوونیان هەیە، خاوەنی شڵەژان یان تێکچوونن لە یەکێک یان زیاتر لە پرۆسە دەروونییە بنچینەییەکانی پەیوەست بە تێگەیشتن یان بەکارهێنانی زمان، قسەکردن یان نووسین، یان هەر ئاستەنگێک کە ڕەنگە خۆی لە کەمی توانای بیستن (گوێگرتن)، بیرکردنەوە، قسەکردن، خوێندنەوە، نووسین، یان ڕێنووسی، یان ئەنجامدانی ژماردنی بیرکاری دەربخات. هەروەک ئەم چەمکە حاڵەتەکانی پەککەوتەیي ئیدراکی لە ئەنجامی برینداربوونی زەبراوی مێشک، تێکچوونی سوکی فەرمانی مێشک، قورسی خوێندنەوە، و ئافازیای گەشەیي دەگرێتەوە. بەڵام ئەم چەمکە ئەو منداڵانە ناگرێتەوە کە کێشەی فێربوونیان هەیە کە بە پلەی یەکەم هۆکارەکەی بۆ کێشەی بینین یان بیستن، یان لە ئەنجامی دواکەوتوویي ژیری یان شڵەژانی هەڵچوونی یان لە ئەنجامی بێبەشی کولتووری، ژینگەیي یان ئابووری دەگەڕێتەوە.



araz.radha@su.edu.krd

○ پێناسەی هیلمار میکەیل بست (Hilmar Mykale bust, 1963):

ئاستەنگەکانی فێربوون بریتییە لە شڵەژانە دەروونییە دەمارییەکان لە فێربووندا، کە لە هەر تەمەنێکدا ڕوودەدەن، و لە ئەنجامی لادان لە سیستەمی دەماری ناوەندیەوە ڕوودەدات، و هۆکارەکەش لەوانەیە بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشی، یان ڕووداو، یان هۆکاری تری گەشەکردنەوە بێت.

○ پێناسەی باربارا بەیتمان (Barbara Bateman, 1965):

سەبارەت بە باتمان، لە پێناسەکەی خۆیدا بۆ ئاستەنگەکانی فێربوون، ئاماژە بە منداڵانی خاوەن ئاستەنگی فێربوون دەکات، بەوەی: "ئەو منداڵانەن کە تێکچوونێکی فێربوونی ڕوونیان هەیە کە لە نێوان ئاستی ئەدای عەقڵی چاوەڕوانکراو و ئاستی ئەدای ڕاستەقینەی پەیوەست بە تێکچوونە سەرەکییەکان لە پرۆسەی فێربووندا نیشان دەدەن، و ئەمەش پێدەچێت لەگەڵ تێکچوونێکی ڕوونی سیستەمی دەماری ناوەندیدا هاوشان بێت".


araz.radha@su.edu.krd

○ پێناسەی ڕیچارد مارتن لێرنەر (Richard Martin Lerner, 1976):

پێناسەی ئەم بۆ ئاستەنگەکانی فێربوون دوو ڕەهەندی سەرەکی هەیە، ئەوانیش:

- یەکەم: ڕەهەندی پزیشکی بۆ پێناسەی ئاستەنگەکانی فێربوون: لەم پێناسەیەدا سەرنجی لەسەر هۆکارە فیزیۆلۆژییە وەزیفییەکانە، کە خۆیان لە تێکچوونی کارکردنی دەمارەکان یان پچڕان و تێکچوونی مێشکدا دەبیننەوە.
- ڕەهەندی پەروەردەیی بۆ پێناسەی ئاستەنگەکانی فێربوون: ئاماژەیە بۆ گەشەنەکردنی توانا عەقڵییەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو، لەگەڵ کورتهێنانی ئەکادیمی، بەتایبەتی لە خوێندنەوە و نووسین و ڕێنووسی و لێهاتوویی بیرکاریدا. وە هۆکاری ئەم کورتهێنانە ئەکادیمییەش پەککەوتەیی عەقڵی یان هەستی نییە. هەروەها پێناسەی پەروەردەیی ئاماژەیە بۆ بوونی ناهاوسەنگی لە دەستکەوتی ئەکادیمی و توانای عەقڵی کەسەکەدا.


araz.radha@su.edu.krd

○ پێناسەی کۆفمان و هەلەهان (Kauffman & Hallahan, 1976):

ئەم دوو توێژەرە دەستیان خستۆتە سەر وەسفکردنی ئەو کەسانەی کە ئاستەنگی فێربوونیان هەیە و دەڵێن: منداڵێک کە بەدەست ئاستەنگی فێربوونەوە دەناڵێنێت، ئەو منداڵەیە کە ناتوانێت دەستی بگاتە توانای تەواوی خۆی، و ئەگەری ئەوە هەیە ئەم منداڵە لە هەموو ئاستەکانی زیرەکی (خوار مامناوەندەوە، مامناوەند، سەرووی مامناوەند)ەوە بێت، هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە کە کێشەی هەبێت لە خوێندندا، کە هەندێکیان ئیدراکی و هەندێکیان نائیدراکی بن، و لەوانەیە کێشەی هەڵچوونی و سۆزداریشی لەگەڵدا بێت.

○ پێناسەی فەتحی مستەفا ئەلزەیات (1989):

ئەو منداڵانەی ئاستەنگی فێربوونیان هەیە ئەوانەن کە لە شڵەژان یان لادانێک لە ناوەندیان بۆ یەک یان زیاتری پرۆسەیەکی دەروونییان هەبێت لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی زمانی قسەکردن یان نووسراو، و ئەمەش ڕەنگە ڕەنگدانەوەی تێکچوونێک بێت لە بیرکردنەوە، قسەکردن، خوێندنەوە، ڕێنووسی، ژمێریاری، یادگە، یان تێبینی و سەرنجدان، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم منداڵانە پەککەوتەیي جوڵەیي و هەستیي و عەقڵیان نییە.


araz.radha@su.edu.krd

## ○ پێناسەی فەیسەڵ محمد خەیر ئەلزەراد (1991):

ئەلزەراد دەڵێ، پێناسەی ئاستەنگی فێربوون دوو ڕێبازی گرتەبەر؛ یان بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئاستەنگەکانی گەشەیی و ئەکادیمی، یان پشتڕاستکردنەوەی ئاستی توانا عەقڵییەکانی قوتابی. لەنێو ئەو پێناسانەی کە جەخت لەسەر ڕێبازی یەکەم دەکەنەوە دەڵێن: ئاستەنگەکانی فێربوون ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێکی جیاواز لە تێکچوون، کە بە ڕوونی لە بەدەستهێنان و بەکارهێنانی تواناکانی گوێگرتن، ئاگایی، قسەکردن، خوێندنەوە، نووسین و ئیستدلالکردنی بیرکاریدا دەردەکەون، ئەم تێکچوونانە وا گریمان دەکرێت کە دەرئەنجامی تێکچوونی کارکردن بن لە سیستەمی دەماری ناوەندیدا، و بەهۆی دواکەوتوویی ژیری و هەستیی، یان شڵەژانی دەروونی، یان بێبەشی ژینگەیی، کولتووری یان ئابوورییەوە نین.

سەبارەت بەو پێناسانەی جەخت لە ڕێبازی دووەم دەکەنەوە، ئەوە دەخەنەڕوو کە: مەبەست لە ئاستەنگی فێربوون واتە منداڵێک کە ئاستی زیرەکی لانیکەم لە مەودای مامناوەندیدا بێت، و بەدەست لاوازی ئەدای خوێندنەوە دەناڵێنێت، ئەمەش بەهۆی کەموکورتییەکی گەشەسەندن لە تواناکانیدا بۆ ئەوەی سەرنج و ئاگایی لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بێت، هەروەک ئەو منداڵەیە کە پێویستی بە شێوازی تایبەتی وانەوتنەوە هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت تەواوی توانا عەقڵییەکانی بەکاربهێنێت. وە پێی وایە پەروەردەکاران مەیلیان بۆ ئەم پێناسەیەی ڕێبازی دووەمە.


araz.radha@su.edu.krd

○ پێناسەی ئەحمەد عەواد (1992):

لەڕوانگەی ئەمەوە ئاستەنگەکانی فێربوون چەمکێکی گشتییە کە وەسفی کۆمەڵێک قوتابی لە پۆلی ئاساییدا دەکات کە دەستکەوتی ئەکادیمیان لە هاوپۆلە ئاساییەکانیان کەمتر نیشان دەدەن، هەرچەندە زیرەکییان ئاساییە یان لە سەرووی مامناوەندەوەیە، بەڵام لە هەندێک پرۆسەی پەیوەست بە فێربووندا سەختی دەبینن، وەک: تێگەیشتن، بیرکردنەوە، ئیدراک، ئاگایی، خوێندنەوە، نووسین، ڕێنووسی، دەربڕین و بێژەکردن، ئەنجامدانی کرداره ژمێرارییەکان، یان لێهاتووییەکانی پەیوەست بە هەریەکەیان.

○ پێناسەی زیدان سارتاوی (2001):

ئاستەنگەکانی فێربوون پێناسە دەکات وەک حاڵەتێکی درێژخایەن کە سەرچاوەی دەمارییان هەیە، و کاریگەری لەسەر گەشەکردن یان پێگەیشتن یاخود بەکارهێنانی کارامەییە زارەکی یان نازارەکییەکانەوە هەیە. وە ئاستەنگی فێربوونی تایبەت وەک ئاستەنگێکی ڕوون لەو کەسانەدا دەردەکەوێت کە پلەیەکی بەرز یان مامناوەندی زیرەکی، و سیستەمی هەستیی و جووڵەیی ئاسایی، و دەرفەتی فێربوونی گونجاویان هەیە. وە کاریگەرییەکانی لەسەر ڕێزگرتنی تاک لەخۆی، و چالاکییە پەروەردەیی و پیشەیی و کۆمەڵایەتی و ئاساییەکانی ژیانی بەپێی توندی ئاستەنگەکە دەردەکەوێت.


araz.radha@su.edu.krd

○ دەتوانین لە ڕێگەی پێناسەکانی ئاستەنگەکانی فێربوون کە لە هەوڵەکانی تاکەوە سەرچاوە دەگرن، بەو ئەنجامە بگەین:

- هەموویان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئاستەنگەکانی فێربوون گروپێکی نایەکسان یان لێکنەچوون.
- لە ئەنجامی کەموکوڕی لە کارەکانی سیستەمی دەماری ناوەندی یان تێکچوون لە پرۆسە دەروونیەکان سەرهەڵدەدات.
- دوورن لە هەموو جۆرەکانی بێبەشی ژینگەیي، کولتووری و کۆمەڵایەتی یان پەککەوتەیي هەستی و هەڵچوونی.
- ئاماژەیە بۆ جیاوازی نێوان زیرەکی و ئاستی بەدەستهێنانی خوێندن، و دەستکەوتی ئەکادیمیان لاوازە، و توانا عەقڵییەکانیان لە نێوان مامناوەند و سەرووی مامناوەندەوەیە.
- لە هیچ ئاستێکی تەمەن و ناوەندێکی پەروەردەییدا چڕ نەبووەتەوە، بەڵکو لە قۆناغی سەرەتاییەوە بۆ ئاستە بەرزەکان بڵاودەبێتەوە.
- بەدەست ڕەتکردنەوە و قەبوڵ نەکردنیان لەناو خێزان یان کۆمەڵگاکاندا دەناڵێنن.
- کێشەکە بۆ خودی کەسەکە دەگەڕێتەوە، واتە هۆکارەکانی ناوەکین نەک دەرەکی.
- تێکچوونێکە تەنها لە کەسانی کەم دەستکەوتدا سنووردار نییە، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ کەسانی بەهرەمەند و خاوەن دەستکەوتە بەرزەکان.


araz.radha@su.edu.krd

**دووەم: ئەو پێناسانەی کە لە هەوڵی دامەزراوە و ڕێکخراو و ئۆرگانەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە:**



araz.radha@su.edu.krd

○ پێناسەی لیژنەی ڕاوێژکاری نیشتمانی بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت (NACHC) (National Advisory Committee for Handicapped Children): لە ئەمریکا بە پشتبەستن بە پێناسەی ساموێل کیرک (1963) Samuel Kirk هەستان بە پێشکەشکردنی پێناسەیەکی دیکە بۆ ئاستەنگەکانی فێربوون لە ساڵی (1968)، کە دواى پێداچوونەوەی خرایە ناو یاسای گشتی ژمارە 94-142ی ساڵی 1975، کە داوای پەروەردەکردنی هەموو منداڵانی پەککەوتە یاخود خاوەن پێداویستی تایبەتی دەکرد. لە پێناسەکەدا هاتووە کە چەمکی "منداڵانی کێشەی پەیوەست بە فێربوون" بە واتای ئەو کەسانە دێت کە بەدەست کەموکوڕییەکەوە لە یەکێک یان زیاتری ئەو پرۆسە دەروونییە بنەڕەتییانەوە دەناڵێنن کە بەشدارن لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی زمانی قسەکردن یان نووسیندا، ئەم کەموکوڕییە لە کەمی تواناادا دەردەکەوێت بۆ گوێگرتن، قسەکردن، خوێندنەوە، نووسین، ئیملاکردن، یان ئەنجامدانی کردارە ژمێرارییەکان. ئەم کەمییە لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی مەعریفی و پەککەوتویی لە درککردن، یان بۆ بەرکەتن و برینداربوونی مێشک، یان بۆ تێکچوونی سوکی فەرمانەکانی مێشک، یان بۆ سەختی خوێندنەوە، یان زمان گیران. ئەمە ئەو منداڵانە ناگرێتەوە کە ئاستەنگی فێربوونیان هەیە کە لە ئەنجامی پەککەوتەیی بینین، یان بیستن، یان جووڵەیی، یان عەقڵی یان شڵەژانی هەڵچوونی، یاخود بێبەشبوونی ژینگەیی و ئابووری تووش بوون.


araz.radha@su.edu.krd

○ پێناسەی لیژنەی ئاستەنگەکانی فێربوون و ئەنجومەنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت (1971):

چەمکی ئاستەنگەکانی فێربوون؛ چەمکێکە کە ئاماژە بە منداڵێکی ئاسایی دەکات لەڕووی توانای گشتی عەقڵی و پرۆسە هەستییەکان و سەقامگیری هەڵچوونییەوە، بەڵام کەموکوڕی لە ئیدراک و تێگەیشتن، یان پرۆسەی دەربڕین هەیە کە ڕێگری لە فێربوونی بە کارامەیی دەکات. ئەم پێناسەیە ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە تێکچوونێکیان لە سیستەمی دەماری ناوەندی هەیە کە ڕێگری لە فێربوونیان بە کارایی دەکات.

○ پێناسەی کرداریی نووسینگەی پەروەردەیی ئەمریکی (1976):

ئاستەنگەکانی تایبەت بە فێربوون چەمکێکە کە ئاماژەیە بۆ جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە نێوان دەستکەوتی منداڵ و توانای گشتی عەقڵی لە یەکێک یان زیاتر لە بوارەکانی دەربڕینی زارەکی یان نووسراو، تێگەیشتن لە گوێگرتن، تێگەیشتن لە خوێندنەوە، یان کارامەیی سەرەتایی خوێندنەوە، ئەنجامدانی کردارە ژمێرەییەکان، یان ڕێنووسی. مەرجی جیاوازییەکی بەرچاوە کاتێک کە ئاستی دەستکەوتی منداڵەکە لە یەکێک یان زیاتر لەمانەدا ڕێژەی 50% کەمترن لە دەستکەوتە چاوەڕوانکراوەکەی، ئەگەر تەمەنی زەمەنی و ئەزموونە فێرکارییە جیاوازەکانی ئەم منداڵی لەبەرچاو بگیرێن.


araz.radha@su.edu.krd

○ هەر یەک لە پێناسەی حکومەتی فیدراڵی ئەمریکا (1977) (یاسای گشتی 142/94)، و پێناسەی ڕێسای فیدراڵی (1977)یش هەمان ئەو پێناسەیان بەکارهێنا کە لیژنەی ڕاوێژکاری نیشتمانی بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت (National Advisory Committee for Handicapped Children) (NACHC) ئاماژەیان پێداوە.

○ لیژنەی نیشتمانی هاوبەش بۆ ئاستەنگەکانی فێربوون (1981):

پێناسەی ئەم لیژنەیە لە ئەنجامی ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی پێناسەی فیدراڵی کرا کە لە ساڵی (1977) دەرچوو سەریهەڵدا. لیژنەکە ئەم شەش دەزگایەی خوارەوەی لەخۆگرتبوو: کۆمەڵەی منداڵان و پێگەیشتووانی خاوەن ئاستەنگەکانی فێربوون (ACLD)، کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ قسەکردن و زمان و بیستن (ASHA)، و ئەنجومەنی ئاستەنگەکانی فێربوون (CLD)، و بەشی منداڵانی تووشبوو بە شلەژانەکانی پەیوەندیکردن (DCCD)، و کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ خوێندنەوە (IRA)، جگە لە (ACLD)، کە پارێزبەندی هەبوو سەبارەت بە پێناسەکە، کە دەڵێت:


araz.radha@su.edu.krd

○ ئاستەنگەکانی فێربوون کۆمەڵەیەکی نایەکسانی شڵەژانن کە لە کێشەکانی پەیوەست بە بوارەکانی گوێگرتن، قسەکردن، خوێندنەوە، نووسین، ئیستدلالکردن، و ئەنجامدانی کردارەکانی بیرکاریدا دەردەکەون، و بەهۆی تێکچوونی کارکردنی کۆئەندامی دەماری ناوەندییەوەیە، کە هەندێک پەککەوتەیی لەگەڵدایە وەک پەککەوتەیی هەستی، دواکەوتوویی ژیریی، شڵەژانە هەڵچوونییە توندەکان، یان هۆکاری ژینگەیی وەک جیاوازی لە کولتوور و فێرکردنی نەگونجاودا، بەڵام ئەمانە دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو بارودۆخانە نین.



araz.radha@su.edu.krd

○ پێناسەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ ئاستەنگەکانی فێربوون (1981):

ئەم پێناسەیە لەلایەن لیژنەیەکی هاوبەشەوە پێشنیار کراوە کە پێکهاتووە لە شەش دامەزراوەی نیشتمانی کە پەیوەندییان بە ئاستەنگەکانی فێربوونەوە هەیە، جگە لە کۆمەڵەی منداڵان و پێگەیشتووانی خاوەن ئاستەنگەکانی فێربوون (ACLD)، کە پشتر لە پێناسەی لیژنەی نیشتمانی هاوبەش بۆ ئاستەنگەکانی فێربوون (1981) ئاماژەی پێکرا.

○ پێناسەی کۆمەڵەی منداڵان و پێگەیشتووانی خاوەن ئاستەنگەکانی فێربوون (1985) (ACLD):

ئەم کۆمەڵەیە دوای ڕەخنەی خۆی سەبارەت بە پێناسەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ ئاستەنگەکانی فێربوون، بە پێناسەیەکی خۆیەوە هاتە دەرەوە، کە دەڵێت: ئاستەنگەکانی فێربوون حاڵەتێکی بەردەوامە، کە وا گریمان دەکرێت بەهۆی هۆکارە دەمارییەکانەوە بێت کە دەستوەردان لە گەشەکردن و پێگەیشتنی توانا زارەکی و نازارەکییەکان دەکەن. وە ئاستەنگەکانی فێربوون وەک ئاستەنگێکی فێربوونی ڕوون بوونی هەیە کە تواناکانی لە ئاسایی (مامناوەند)ەوە تا سەرووی ئاسایی، و ناتەواوی سیستەمی هەستیی-جووڵەیی لەگەڵ دەرفەتی فێربوونی گونجاو و تەواویان هەیە. ئەم حاڵەتە بپێی پلەی دەرکەوتن و پلەی توندیەکەی دەگۆڕێت، و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕێزگرتنی تاک لەخۆی، و چالاکییە پەروەردەیی و پیشەیی و کۆمەڵایەتی و ئاساییەکانی ژیانی بەپێی توندی ئاستەنگەکە دەردەکەوێت.


araz.radha@su.edu.krd

○ پێناسەی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ ئاستەنگەکانی فێربوون (1986):

چەمکی ئاستەنگەکانی تایبەت بە فێربوون ئاماژەیە بۆ حاڵەتێکی درێژخایەن Chronic کە دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕی پەیوەست بە سیستەمی دەماری ناوەندی کە کاریگەری لەسەر گەشەی تەواو و گەشەکردنی توانا زمانەوانی و نازمانەوانییەکان دەبێت، هەروەها ئەم ئاستەنگە تایبەتە لە فێربووندا وەک پەککەوتەییەکی هەمەچەشن بوونی هەیە، کە دەگۆڕێت و ئاستی توندییەکەی جیاواز دەبێت بە درێژایي ژیان، و کاریگەرییەکەی لە ڕێگەی مومارەسەی پیشەیي و ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانەوە دەردەکەوێت.

○ پێناسەی ئەنجومەنی ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ ئاستەنگەکانی فێربوون (1987):

ئاستەنگەکانی فێربوون چەمکێکی گشتییە کە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵەیەکی نایەکسانی تێکچوون کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەدەستهێنان، گوێگرتن، قسەکردن، خوێندنەوە، نووسین، ئیستدلال، تواناکانی ژمێریاری، لێهاتوویي هەڵچوونی یان کۆمەڵایەتی، کاریگەرییە ژینگەییەکان وەک جیاوازییە کولتوورییەکان، پەروەردەی نەگونجاو یان ناتەواو، یان هۆکارە دەروونییەکان، بەتایبەتی شڵەژانەکانی کەمیي سەرنج، ڕەنگە بەکۆمەڵ ببنە هۆی کێشە لە فێربووندا، بەڵام ئاستەنگەکانی فێربوون لە ئەنجامی ئەم بارودۆخانە یان کاریگەرییانەوە نییە.


araz.radha@su.edu.krd

## ○ پێناسەی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ئاستەنگەکانی فێربوون NJCLD (1990):

بەهۆی ئەو ڕەخنە زۆرانەی ئاراستەی پێناسەی کۆمەڵەکە کراوە سەبارەت بە ڕوودانی ئاستەنگەکانی فێربوون هاوشان لەگەڵ پەککەوتەییەکانی تر، ئەنجومەنی کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ ئاستەنگەکانی فێربوون ئەو پێناسەی خۆی هەموارکردەوە کە (1981) دەرچووە و لە ساڵی (1988) پشتڕاستی کردەوە، بەڵام لە ساڵی (1990) دەقەکەی گۆڕی بۆ ئەمەوەی: چەمکی ئاستەنگەکانی فێربوون؛ چەمکێکی گشتییە، کە ئاماژەیە بۆ گرووپێکی نایەکسانی Heterogeneous شڵەژانەکان، کە لە کێشە توندەکاندا دەردەکەون لە: بەدەستهێنان و بەکارهێنانی بوارەکانی گوێگرتن، قسەکردن، نووسین، توانای زمان، ئیستدلال، یان تواناکانی ژمێریاری، کە ئەم تێکچوونانە لەناو کەسەکەدا دەبن و گریمانە دەکرێت کە بەهۆی کەموکورییەکەوە لە سیستەمی دەماری ناوەندیدا بێت، و ئەم تێکچوونانەن بەدرێژای ژیان ڕوودەدەن، و کێشەی تایبەتەکان لە ڕەفتاری کەسەکە و ئیدراک و کارلێکی کۆمەڵایەتی Social Perception نیشانە هاوتەریبەکانی ئاستەنگەکانی فێربوونن، بەڵام هۆکاری دروست بوونیان نین.



araz.radha@su.edu.krd

○ پێناسەی لێژنەی هاوبەشی نیشتمانی بۆ ئاستەنگەکانی فێربوون NJCLDK (1996):

دوا بەدوای ڕەخنە و مشت و مڕە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە چەمکی ئاستەنگەکانی فێربوون؛ ئەم لیژنەیە پێناسەی ئاستەنگەکانی فێربوونی پوخت کردەوە و دایڕشتەوە بەوەی: چەمکێکی گشتییە، کە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێکی نایەکسانی شڵەژانەکان، کە دەردەکەوێت لە حاڵەتە توندەکانی: بەدەستهێنان و بەکارهێنانی بوارەکانی گوێگرتن، قسەکردن، نووسین، توانای زمان، ئیستدلال، یان تواناکانی ژمێریاری، کە ئەم تێکچوونانە خودین و گریمانە دەکرێت بەهۆی خەلەل لە سیستەمی دەماری ناوەندیدا بێت.


araz.radha@su.edu.krd

- دەتوانین لە ڕێگەی پێناسەکانی ئاستەنگەکانی فێربوون کە لە هەوڵەکانی ڕێکخراو و کۆمەڵە و ئۆرگانەکانەوە سەرچاوە دەگرن، بەو ئەنجامە بگەین:
  - ئاستەنگەکانی فێربوون کۆمەڵەیەکی نایەکسانە لە تێکچوونەکان، و بەدرێژایي ماوەکانی ژیان دەردەکەون.
  - ئەو کێشانەی فێربوون ناگرێتەوە کە بە پلەی یەکەم بەهۆی پەککەوتەيي بینین و بیستن و جوڵە، یان دواکەوتنی زیريي، یان شڵەژانی هەڵچوونی، یایش بێبەشکردنی ژینگەییەوە دروست دەبن.
  - ئەم تێکچوونانە ناوخۆیین و وا گریمان دەکرێت کە بەهۆی گرفت لە کارکردنی سیستەمی دەماری ناوەندیەوە بێت.
  - لە شێوەی کێشەی بەرچاو لە بەدەستهێنان و بەکارهێنانی قسەکردن، گوێگرتن، نووسین، خوێندنەوە، ئیستدلال، یان توانای بیرکاری دەردەکەون.
  - لە ڕێگەی مومارەسەی پیشەيي و بەرکەوتنی کۆمەڵایەتی و چالاکیەکانی ژیانی ڕۆژانەوە دەردەکەوێت.


araz.radha@su.edu.krd

○ لەم ڕوانگەیەوە؛ سەرەڕای بەکارهێنانی چەمکی جیاواز لە دیاریکردنی پێناسەی ئاستەنگەکانی فێربوون، بەڵام ئاستێک لە ڕێککەوتن هەیە کە خۆی دەبینێتەوە لە: پەیوەندی ئاستەنگەکانی فێربوون بە ئەدای ئەکادیمی (خوێندنەوە، نووسین، ژمێریاری و هتد)، وە دوورخستنەوەی ئەو ئاستەنگانەی کە لە ئەنجامی پەککەوتەیی بیستن، جووڵەیی، بینین، عەقڵی، بێبەشی ژینگەیی، کولتووری و ئابووری لە گرووپی ئاستەنگەکانی فێربوون، و بوونی جیاوازییەکی بەرچاوی بەڵگەداری پەروەردەیی لە نێوان ئاستی ئەدای عەقڵی و توانا چاوەڕوانکراوەکانی منداڵەکە، و ئاستی زیرەکی ئەوانەی ئاستەنگی فێربوونیان مامناوەندە یان سەرووی مامناوەندیان هەیە. واتە ئاستەنگەکانی فێربوون دروست دەبێت بەهۆی کەم و کوڕی یاخود  تێکچوونی هەندێک لە ئەرکەکانی مێشک، کە لە هەر قۆناغێکی ژیاندا ڕوودەدات و ڕەنگە بەدرێژای ژیان بەردەوام بێت.


araz.radha@su.edu.krd

تەوەری

2

# پۆلێنی ئاستەنگەکانی فێربوون:

○ بواری ئاستەنگەکانی فێربوون لە زۆر حاڵەتی جیاواز و فراوان لە کێشەکان لەخۆی دەگرێت کە لەلای کەسانی خاوەن ئاستەنگەکانی فێربوون دەردەکەون، لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەدا، دەتوانرێت ئاستەنگەکانی فێربوون بۆ دوو گروپ پۆلێن بکرێت:

1. **ئاستەنگەکانی فێربوونی گەشەکردن Development Learning Disabilities:** ئەو کارامەییانە دەگرێتەوە کە قوتابی پێویستی پێیەتی بە ئامانجی بەدەستهێنانی نمرە لە بابەتە ئەکادیمییەکان، وەک کارامەییەکانی: ئاگایی و سەرنجدان، درککردن، هەماهەنگی جوڵەی چاو و دەست، ڕێکخستن، یادەوەری و هتد. هەروەها بۆ ئەوەی قوتابی فێری نووسینیش بێت، دەبێت پەرە بە جیاکارییەکی گونجاوی بینین و بیستن، و یادەوەری بینراو و بیستراو، و زمان و کارەکانی تری کرادرە ژمێرياريیەکان بدات. وە زۆرێک لەم ئاستەنگانە پێش ئەوەی قوتابی بچێتە قوتابخانە دەردەکەون و لەوانەیە ڕوو بدەن، وە پێیان دەزانرێت کاتێک قوتابی دەست دەکات بە شکستهێنان لە فێربوونی بابەتە ئەکادیمیەکانی قوتابخانە.


araz.radha@su.edu.krd

○ دەکرێ بگوترێ؛ کە هەر کەم و کورییەک لە هەر لایەنێکدا، تەنیا لە خودی لایەنەکەدا سنووردار نابێت، بەڵکو لە لایەنەکانی دیکەشدا ڕەنگ دەداتەوە. بۆیە کەموکوڕی لە پرۆسەکانی ئاگایی و سەرنجدان، درککردن، یادگە و بیرکردنەوەدا کاریگەری نەرێنی لەسەر توانای بەدەستهێنانی خوێندنەوە و نووسین و ژماردن دەبێت.

2. **ئاستەنگی فێربوونی ئەکادیمی Academic Learning Disabilities:** ئەمانە بریتین لە: ئاستەنگەکانی تایبەت بە خوێندنەوە، نووسین، ڕێنووسی، دەربڕینی نووسراو و ژماردن.


araz.radha@su.edu.krd

## پۆلێنی ئاستەنگەکانی فێربوون لەلایەن کیرک و گالاگەر (Krik & Gallagher)

- ئاستەنگەکانی فێربوون
  - ئاستەنگەکانی فێربوون
    - ئاستەنگەکانی یەکەمییەکان
      - ئاگایی
      - یادگە
      - ئیدراک
    - ئاستەنگەکانی دووەمییەکان
      - بیرکردنەوە
      - زمان
      - زارەکی
  - ئاستەنگەکانی فێربوون
    - دەربڕینی نووسراو
    - کارامەییەکانی ژماردن
    - کارامەییەکانی خوێندنەوە
    - کارامەییەکانی نووسین


araz.radha@su.edu.krd

تەوەری 3

# دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی فێربوون:

## ✓ یەکەم: ئاماژە و نیشاندەرەکانی دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی فێربوون:

○ پرۆسەی دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی فێربوون، پەیوەستە بە چەند ئاماژەو نیشاندەرێکەوە، گرنگترینیان بریتین لە:

1. ئاماژە و نیشاندەرە ڕەفتارییەکانی پەیوەست بەو کەسانەی ئاستەنگی فێربوونیان هەیە یان ئەو ئاماژە ڕەفتاریانەی وەکو تایبەتمەندی کەسانی خاوەن ئاستەنگی فێربوونیان پێ دەناسرێتەوە: ئەم ڕێبازە لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە دامەزراوە کە هەندێ تایبەتمەندیي ڕەفتاری هاوبەش هەیە کە لە نێوان کەسانی خاوەن ئاستەنگی فێربووندا باون و دەتوانرێت لەلایەن مامۆستاوە لە پۆلدا تێبینی بکرێت، پاشان پشکنینی سەرەتایي و دۆزینەوەی پێشوەختە بۆ ئەو کەسانەی کە ئاستەنگی فێربوونیان هەیە ئەنجام بدرێت.


araz.radha@su.edu.krd

2. **ئاماژەو نیشاندەری دەماریي:** ئەم ڕێبازە لەسەر ئەو ڕاستیيە دامەزراوە کە دەتوانرێت ئەو کەسانەی کە ئاستەنگی فێربوونیان هەیە لە ژێر ڕۆشنایي ئاماژەو نیشاندەری دەماريي سادەدا دەستنیشان بکرێن کە پەیوەستن بە شێوازی ڕەفتارەکانیانەوە، چونکە هەندێکیان نیشانەی دەماری (نیۆرۆلۆجی) سادەیان تێدا دەردەکەوێت کە خۆیان دەبیننەوە لە: شلەژانەکانی درککردن، فۆرمی نەگونجاوی ڕەفتار، و ئاستەنگ لە ئەدای کرداری و جوولەیي.

3. **ئاماژە و نیشاندەری جیاوازی لە نێوان ئەدای چاوەڕوانکراو و ئەدای ڕاستەقینەی قوتابی:** ئەم ڕێبازە لەسەر بنەمای بەراوردکردنی نێوان ئەدای کارکردن دامەزراوە، واتە بەراوردکردنی ئەدای ڕاستەقینەی و ئەدای چاوەڕوانکراوی قوتابی لە ژێر ڕۆشنایي توانا عەقڵییەکانیان، و بەم شێوەیە دەتوانرێت ئاستەنگی فێربوون دەستنیشان بکرێت لەو حاڵەتانەی کە تێیدا بەڕوونی دەردەکەوێت کە ئاستی دەستکەوتی قوتابییەک کەمترە لە ئاستی دەستکەوتی قوتابییەکانی دیکەی هەمان پۆل و هەمان ساڵ.


araz.radha@su.edu.krd

تەوەری 3

# دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی فێربوون:

## ✓ دووەم: پێوەر و مەحەکە بەکارهاتووەکان بۆ دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی فێربوون:

1. **مەحەکی دەرکردن یاخود دوورخستنەوە:** واتە دەرکردن و دوورخستنەوەی هەموو ئەو حاڵەتانەی کە کەم و کوڕی یان کێشەی دەستکەوتەکانیان بەهۆی پەککەوتەيي ترەوەیە، لەوانەش پەککەوتەيي هەستيي (کوێربوون و کەڕبوون)، و پەککەوتەيي عەقڵی، و شڵەژانە هەڵچوونییە توندەکان، و نەبوونی دەرفەتی خوێندن، و بێبەشی و دابڕانی ژینگەيي و ئابووری و کولتووری.

2. **مەحەکی پەروەردەی تایبەت:** ئەو قوتابیانەی کە ئاستەنگی فێربوونیان هەیە پێویستیان بە پەروەردەی تایبەت دەبێت، تا ئەو مومارەسە جیاوازانە لەخۆبگرێت کە بۆ چارەسەری کەموکوڕییەکانی دەستکەوتەکانیان پێویستن.


araz.radha@su.edu.krd

3. **مەحەکی نیشانە دەمارییەکان (نیۆرۆلۆجیەکان):** دەتوانرێت ئاستەنگی فێربوون دەستنیشان بکرێت لە ڕێگەی تێکچوونی ئۆرگانیکی لە مێشک، کە لە: (درککردنی بینین، بیستن و شوێن) ڕەنگ دەداتەوە. لەگەڵ فۆرمە نەگونجاوەکانی ڕەفتار (چالاکیی زۆرو شڵەژانە عەقڵییەکان)، هەروەها ئاستەنگ لە ئەدای وەزیفی و جووڵەییدا.

4. **مەحەکی دەرکردن یاخود جیاکردنەوە:** ئەم مەحەکەش لە بەرامبەردا دابەش دەبێت بەسەر دوو جۆر جیابوونەوەدا، کە بریتین لە:

a. **جیاکردنەوەی ناوخۆیی:** ئەمەش لەڕێگەی: ئاگایی و سەرنجدان، جیاکاری، زمان، تواناکانی بینین و جووڵەیی، یادگە وئەوانی تر نیشان دەدرێت.

b. **جیاکردنەوەی دەرەکی:** ئەم مەحەکەش پێکدێت لە حیسابکردنی جیاوازی نێوان زیرەکی و دەستکەوتی ئەکادیمی.


araz.radha@su.edu.krd

# پێکەوە

# گفتوگۆیەکی کراوە و بونیادنەر



araz.radha@su.edu.krd





araz.radha@su.edu.krd